راگەیاندنی ئەمنی دەستبەسەراگرتنی تونێلێکی چەتەکانی داعشی لە نینەوا راگەیاند

ئەمڕۆ پێنجشەممە، شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی دەستبەسەرداگرتنی تونێلێکی 200 مەتر درێژی سەر بە چەتەکانی تیرۆریستی داعشی لە پارێزگای نینەوا ڕاگەیاند.

شانەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: بەهۆی بەڕایەتی هەواگری سەربازی دەستی بەسەر تونێلێکی ژێر زەوی بە درێژایی 200 مەتری سەر بە چەتە تیرۆریستیەکانی داعشدا گرت، کە پێشتر وەك بارەگای سەرکی بە ئینجامدانی هێرشی تیرۆریستی بەکاردەهێنرا.

ئاماژەی بەوەشکرد: لە دەوروبەری گوندی کەسر میحراب سەر بە قەزای تەلەعفەر لە پارێزگای نینەوا دەست بەسەر کەرەستەی جەراوجەر و خۆراك و کەرەستەی پزیشکی و سەربازی و کەرەستەی دیکەدا گیرا.